# پێویستە کۆمەڵگە دوای جەنگی کولتووریی بەسەرداسەپێنراو بنیات بنرێتەوە!

سیروان کاروانی

زۆر لەو کۆمەڵگەیانەی شەڕی وێرانکار سەرتاپای مێژوویانی گرتۆتەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتوونەتە بەر کۆمەڵێک هۆکاری نەگەتیڤ و نەویستی جۆراوجۆر لە ڕووی گەشەسەندنی بیر و زیاتر خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی نوێدا. لەم ڕووەوە ئەو کۆمەڵگەیانەی بۆ هەمیشە گووشاری چەوسانەوە و زۆرەملێییان لەلایەن کولتووری کۆمەڵگەیەکی ترەوە بەسەردا سەپێنراوە، ئەگەرچی لایەنی زۆرینەش بووبن، هەر بە کۆمەڵگەیەکی ژێردەست ژمێردراون و سەردەستەش لایەنی زۆردار بووە. هەر بەو شێوەیەش لەو ماوەیەدا کولتووری شەڕ و زۆرداری سەردەستە بووە و لە قۆناغی سەرفرازیشدا، ئازارەکانی تا ماوەیەکی دوورودرێژی پاشتر هەر پێوە دیاربووە. لەو کاتانەدا کولتووری خاوێن بەوە دێتە دی کە هەموو هۆیەکانی داگیرکاری و هەروەها سیستەمی پەروەردەش هەڵبوەشێنرێتەوە و سەرلەنوێ بەپێی سیستەمێکی تایبەت بەو کۆمەڵگەیە کە لەگەڵ سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا بگونجێ، بنیات بنرێتەوە. گرنگترین هۆیەکانی بنیاتنەنەوە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەڵکردنی چرای سیما نەتەوەییەکانە. کولتووری خاوێن و دوور لە تێهەڵکووتانی نەریتی دەرەکی مەرجی بنەڕەتیی سەرکەوتنی کۆمەڵگەیە. کاتێ کۆمەڵگە بە هۆی داگیرکارییەوە تووشی دارمان دەبێ، زۆر لەو لایەنانەی کە سوود بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن زەرەرمەند دەبن و، بەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ سەر کولتوور بە گشتی و زمان بە تایبەتی دەبێت.

ئاشکرایە کە زمان شادەماری لەشی هەر نەتەوەیەکە و شادەماریش بۆ بژێویی دەبێ خۆراکی نەتەوەییی پێ بدرێ، ئەگینا لەکار دەکەوێ و تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبێ و لە هەموانیش کوشندەتر لەناوچوون. لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، زۆر زمان و کولتووری جۆراوجۆر کە سەردەمانێک باو بوونە و سەرداری گرەوی دەستەڵات بوونە، تووشی تا ڕادەیەکی بەرز پووکانەوە و یاخود لە زۆر حاڵەتدا فەوتان بوونە. نەتەوە تا کاتێ خاوەنی زمانەکەی بێت، لە شوێنی خۆیدا بوون و قەوارەی خۆی دەسەلمێنێ و ئایندەی ڕوونە. هەر نەتەوەیەک زمانەکەی بەرەو لەناوچوون بچێ، بێگومان خۆیشی هەر بەو ڕێگایەدا دەڕوات و وەکوو زمان و نەتەوە لەناو زمان و نەتەوەیەکی تردا دەتوێتەوە.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەیە کولتووری ئەو کۆمەڵگەیانەی کە شەڕ و داگیرکارییان تێدا بووە، لە ڕووی زمان و نەریتیشەوە تەواو جیاوازن لە کولتووری ئەو نەتەوانەی کاریگەریی کولتووری تریان لەسەر نەبووە. لەوێدا زمان و شێوەی ئاخافتن و بەکارهێنانی وشە تەواو جیاواز خۆ دەنوێنن و هێندێکیان بە زاراوە سەرەکییەکە نامۆ دەبن. زمان کە کاریگەریی زمانی تری لەسەربێ لەناو هاوزمانانی خۆیدا بە سانایی پەی پێ دەبردرێ. هەروەک ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی هێڵی هاوسنوور لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تردا پێکدەهێنن،

لەوێدا جگە لە زاراوەی جۆراوجۆر کە لەگەڵ زاراوەکانی تری هەمان زماندا جیاوازییان هەیە، کۆمەڵێک وشەی بیانی یاخود نامۆ بەو زمانە خۆیان خزاندۆتە ناو ئەو زاراوەیە و بەمەش جیاوازییەکی تری دەبێت لەگەڵ زاراوەکانی تردا کە ئەمەیان گەورەترە. نموونەی شاری کەرکووکمان هەیە کە سەرەڕای ئەوەی بیری نەتەوەیی لە ناخی خەڵکەکەیدا ئێجگار بەهێز بووە، بواری چالاکیی کولتووریی بە هۆی داگیرکاریی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک شوێنەکانی تر بۆ نەڕەخساوە و هەر بەو شێوەیەش لە بە شێوەیەکی کەم ڕووی داب و نەریتەوە کاریگەریی لەسەر بووە. لەوێدا زاراوەی کەرکووکییەکان کە وشەکانی ناو زمانی عەرەبییەکە بەسەریدا زاڵ بووە لە کاتی ئاخافتندا بە سانایی دەناسرێتەوە.

کاتێ کەمینە بە زەبری هێز و دەستەڵاتی ئابووری و لەو شێوەیە کورسیی فەرمانڕەوایی وەدەست دێنن، ناپاکییە بەرانبەر بە مێژوو و بەهای مرۆڤایەتی و بێگومان لەو حاڵەتانەدا هۆیەکانی چەوسانەوە زەق دەبن. ئەمە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە هەر لە ڕۆژی دروست بوونییەوە تاوەکو ئێستا هەر هەبووە و لە کاتی ئێستاشدا هەر درێژەی هەیە و، بێگومان ئەمەش بیرێکی جەنگەڵستانیی سەپێنراوە کە لەگەڵ پڕوپاگەندەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤیشدا یەک ناگرنەوە. ئەمەی کە مرۆڤایەتی و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا قبووڵی دەکەن بەتەواوەتی دژ بەو بەرنامانەیە کە خۆی بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووخواز و ژیانێکی ئاسوودەی مرۆڤەکان دایڕشتووە. بوونی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک بە کولتوورەکەوەیەتی، نەهێشتنی کولتووری مرۆڤەکان و پێشێلکردنی یاسا سەروەری و تایبەتمەندییەکانی کە وەکوو مرۆڤ خۆی پێ دەناسێتەوە، بۆ داهاتوویەکی دوورتر نەهێشتنی خودی مرۆڤەکانە. لەوێدا مرۆڤەکان وەکوو جەستە نامرن بەڵام وەکوو کولتوورەکەیان دەمرن.

ئەگەر بەراوردی کۆمەڵگەیەکی وەکوو باشووری ئافریکا بکەین کە بۆ ماوەیەکی زۆر سپیپێستەکان کە ئێجگار کەمینە بوون لەچاو ڕەشپێستەکان (کە سێ بەرانبەری سپیپێستەکان بوون) و لایەنی زۆردار بوون و بەزۆر سەپێنراوی دەستەڵات بوون، ئەوا دەردەکەوێ کە ڕەشەبای پاشماوەی ئەو جەنگەکولتوورییەی لە سەردەمی زۆرداریياندا لە ئارادا بوو و لە پاش خۆیان بەجێیانهێشت، ئەوا بۆ ماوەیەکی دووری داهاتووش لەگەڵ بای ئەو هەرێمانەدا هەڵدەکات و ئاسەواری دەمێنێ وەک ئەوەی کە لەم سەردەمەدا دەیبینین، هەژاری، زۆرداریی ناو کۆمەڵ، باری ئابووری و...هتد تا ئایندەیەکی نادیار بەردەوام دەبێ، بەڵام ئەمان وەکوو کولتوور ماون. هیندییەسوورەکانی "مایا" کە لە "گواتێمالا" و وڵاتانی دراوسێیاندا دەژیان پێشتر ئایینێکی خۆیان هەبوو. سپانییەکان کە وڵاتەکەیانیان داگیر کرد، لەناو کولتووری داگیرکردن و ماڵوێرانیدا هەوڵی ڕاگرتنی ئایینەکەیانیان دا و لەبەر تارمایی ئەو داگیرکارییەدا تا ڕادەیەکی بەرز ئایینەکەن لەناوچوو و لە ڕووی نەریتیشەوە کاریگەریی زۆریان لەسەر دانرا، ئەمە بەشێک بوو لە لەناوچوونی کولتوور.

عەرەبە سوننەکان کە لە عێراقدا کەمینەن و (نیوەی شیعەکان دەبن)، بە زەبری هێز کولتووری شەڕی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند و ئێستا و ئایندەیەکی تریش کولتووری شەڕ لەو وڵاتەدا درێژە پێ دەدەن وەک ئەوەی لە کاتی ئێستادا تاقمێکی سەر بەو کەمینەیە ئەنجامی دەدەن. ئەمانە هەموو نموونەن بۆ ڕاستیی ئەو بۆچوونانە. ئەمە لە کاتی ئێستادا درێژەی هەیە.

کورد لە خوارووی کوردستاندا، یەکێکە لەو گەلانەی کە دەیان ساڵە کەوتۆتە بەر هێرشێکی داگیرکارانەی هزری و سیاسی و ئابووری و لەو ڕێگایەوە کە سیاسەتی ئاگر و ئاسنی تێدا بەکار هاتووە، پاشماوەی زۆر پلانی مەترسیداری تێدا بەجێماوە، بەعەرەب کردنی ناوچە کوردییەکان و ڕاگوێزانی کوردەکان لەسەر زێدی خۆیان و سڕینەوەی ناوی دێ و شارۆچکە و شارە کوردییەکان و خوێندنگەکان و کردنەوەی گەڕەکی نوێ بە ناوی پاڵەوانانی قادسیە و ناوە عەرەبییەکانی ترەوە لەو نموونانەن کە کورد دەبێ خەباتی دوورودرێژی بۆ بکات. لایەنە کولتوورییەکەی و بەتایبەت زمان، کورد دەبێ کار بۆ داڕێژتن و بەکارهێنانی وشە ڕەسەنە کوردییەکان بکات و خەباتی بووژانەوە پەرە پێ بدات. لێرەدا کورد توانیویە لەژێر هەڕەشەی فەوتاندا کولتوورەکەی خۆی بپارێزێ، ئەمە زۆر گرنگە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی درێژە پێ بدات و ئەو هەموو جەنگە کولتوورییەی لەو ماوە دوورودرێژەدا دژی بەرپا کراوە، نەهێڵێ و خاوێن بنیاتی بنێتەوە و لەزیاتر تێکەڵبوونی بیپارێزێ.